شیعر




عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ

# خاڵێک لە زاکیرەی قەڵەمدا

## ئەوان عاشقان بوون کە لە بەهەشت دەرکران نەک گوناهکاران

بەئاسودەگی نەرمەڕۆی حەشمەتێکی ترم راسپێرە..
ئەی خاتیرەی بەسەرچوو...




ئەی ئەو کەیسی نەهامەتییەی لە فوارەی دڵمەوە
رژایە سەر سیحری بادەی سەر نوێنی مانگێکی
وەرچەرخاو لە مەداری فەزایەکی لەبارچوو
کە هێشتا هەر دڵی لە ناو مشتیدابوو
لە ترسی درکاندنی نهێنییە خاوسەکانی خوا
ئەو نهێنییانەی لە هەموو ئاشکرا بوون
جگە لە ئێمەی دەقگیر بە جادووە دەستنەڕۆکانی قەدەر.
با لە سفری هەستێکی ترەوە دەست پێ بکەین
با لە زمانی تامەزرۆیی نیلۆڤەرەوە
گوزارشت لە گوشینی ئامێزی بەهار بکەین.
بێ گوێدانە خاڵی بوون لە تاسە.. زەماوەند بۆ کازیوە بگێڕین.

بۆ تەواوکردنی فەرسەخی سەختی ئەم گوزەرە
دەچینە سەرباڵی ئاسۆیەکی سکپڕ بە خۆرێکی نوێ
ڕووناکییەکی وەنەوشەیی دەبەخشینە سەرابستانە نوغرۆکانی ماچ
ئەو ماچانەی لە دەست بترازێ
لە هەموو مەبەستە پیرۆزەکان یاساغ و نەخوێندراوەن.
ئەو تاسەیەی لە شەقامێکی نزیک عەرشی خواوە
بە تەنیایی و بێ متمانە بەجێی هێشتین
هەر چەشنی "نم" بە ئامێزی گەرد و گوڵی شێدارەوە
بە هارمۆنیستی ژێیەکی گەڕیدەو
ئیقاعی تەپەی پێی سروەیەکی نەوڕەوت
دەمانباتە حوزووری گڤەی باد و مەعبەدەکانی وەشتە باران
وەک لاسکی گوڵە مێخەکێکی گەردن کەچ
لە بەردەم حەرف بە حەرفی ئەم وەرزەدا
ویقارانە دادەچەمێین.
ئەمجارەیان.. با شیرین تەشی نەڕێسێ
با.. لە خۆڵەمێشی کولتوور و
ئەو نیگەرانییانەی بەشووشە تاریکەکانی پەنجەرەکانەوەن
خۆی راتەکێنێ و بەدیار کەمانێکەوە
نۆتەکان فێری فڕین بکات .
با بەدیار تابلۆکانی جاکووراوە
خەون بە پیرۆزی جەستە و مەزراکانی رەنگەوە ببینێ
لە ناو هۆڕەی گەرمی کچە گەرمیانییە
چەرم سپی و بەخت رەشەکانا..
تەهلیلەیەک بۆ شەوی بەرات لەبەر بکات
نەبادە ڕووناکی لە ناو زیکرەکانی خەڵوەتدا
ڕووت بکرێتەوە و

سێکس لەگەڵ هۆرمیەکی نەیاردا بکات
ئەوسا کێ دێ و "نەبەردی و شوورەیی" لێک دەکاتەوە؟
نەبادە ئەو شەمەندەنەفەرە شەرمۆکەی کە رەنگە نەکات..
لە ناکاودا جێمان بێڵێ.
ئەوە شۆخێکی رەنگ زەردی بەجێماوە
لە سەفەری شەو.
بادەی سەری رژاوەتە سەر پێکی ئەژنۆ و
دەستی مەراقی ئاڵاندووەتە لاسکە سەماکارەی شێبایەک و
لێی بووەتە "مەزارگە"و ...
دەگری و بەرۆکی رادەتەکێنێ..
«مرازم دە..
ئەی حەزرەتی عاشق..
شەرت بێ ئەو ملوانکەیەت بۆ سەربڕم
کە ساڵانێکە
ئارەقەی سینەم هەڵدەمژێ و
هەتا ئەمڕۆ ئازیزترین هاوسەرم بووە..
شەرت بێ ئەو گوارەیەت  پێ ببەخشم
کە هەر لە مناڵییەوە .. تا ئەمڕۆ
شەڵاڵە لە بۆنی قژم و
خەم رەوێن و دڵنەوازم بووە
مرازم دە ئەی وەیسی گوڵەبەیبوون.
ئەی پیری وەرزی نێرگزە جاڕ
ئەی سوڵتانی دامێنی خەونی گوڵڕەنگ
ئەی حەریفە ریش سپییەکەی خەڵوەتی عیشق
من ئەسپە سەرکەشەکەی ئەیرۆت جێی هێشتووم و
تیرە ئەفسوناوییەکەی سەرگەرمی شەوەنزوون نەیپێکاوم،



من "مەوئوودەکەی" سیادەشتی وەحشەتی عەدەنم و
ئەمڕۆ لە هەناسەی سەرکێشی گەرمی خۆمدا
زیندە بەچاڵ دەکرێم»
ئەی خاتیرەی بەسەرچوو...
ئاخۆ دەبێت ئەم سکاڵایە لە دامێنی
کام دەروێشی پڕ لە نوور و شەرابدا
وڕک نەیباو ئۆقرە بگرێ.
ئەی حەیای مەرگ..
کە گومڕایەک بە هەواری روحی خۆی ناشادە.. بەڵێ با
کە دێوانەیەک بەدووی برینە شێدارەکانییەوە نیگەرانە.. بەڵێ با
کە دەروێشێک لە نامۆیی بوونی خۆیدا دەسووتێ.. بەڵێ با
کە شاعیرێک بە هەورازی سەری خۆیەوە پەژموردە دەبێ.. بەڵێ با
بەڵام.. کە ئەمیرەیەک لە رەگەزی ناز
پەنجەکانی دەچنەوە سەر قامیشی بلور
خوێن لە دەماریا شادمانە بە پیاسەی پڕ لە جوانی
کە چوار دەوری شەمعدانە
کە گشت ساتەکانی رۆژانی ئیقاعە و
هاودەمی ئەکسیرێکە لە ئەزەلییەتی وەنەوشە
بەکام شەرعی وەرزی نەهاتوو
هەناسەی پڕ بێت لە بۆکڕووزی تەنیایی
دڵی پڕ بێت لە عیشقێکی سەرمەدی
کە دەستی خەون نایگاتێ؟
ئەی خاتیرەی بەسەرچوو...
ئەی ئەستانەی هاوارێک لە کەوڵی مردندا
ساڵانێکە رێچکە بە ناو روحما دەبڕی و
لە نقووم بوونەکانم لە داوی میحنەتدا ناگەی.



درۆ.. وا لە باخەکانی سێودا
خۆی رادەتەکێنێ و.. لە گوناهەکان دەدوێ
خیانەت.. نانی بازووی سپی دەخوات و
کڕنوش بۆ دەستی رەش دەبا
ئاشتی.. سەری دەبەخشێ بە نەسیم و
جڵەوی ئاگر رادەکێشێت..
ئەوجاش دەڵی لە من پاکتر.. ئەگەر هەبێت
زۆری ماوە لە دایک بێت.
ئەوە داستانی پەیامبەرێکی خوا بوو.. لە بنی بیرا
ئەوە گەرداوی هەناسەی عاشقێک بوو.. لە زیندانا
ئەوە شاعیرێکی بێ مەداری فەزای عیشقە..
بە پەنجە سیحراوییەکانی خۆی کونجی گۆشەگیری هەڵدەکۆڵێ
ئەوە کاتژمێرە شەوکوێرەکەی سەر دیواری روحی گومڕامانە..
کە هەموو ساتێک زەماوەند لەگەڵ ئێستادا دەگێڕێ
ئەوەش مەرگی باخێکی بێ تابوتی سیافەرەنگە
کە لە ناو بێهوودەییەکانی زەمەنێکی بەسەرچوودا
دەسوتێ و... ورد ورد
دەمانکات بە.. "خاڵێک لە زاکیرەی قەڵەمدا"..